www.hetaw.net
ژمارە (٨٦١) چوارشەممە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٠ی زایینی
هەموو چوارشەممەیەک
ئاڵای ئازادی

**ئێستا ئاکەپە لەهەوڵی بەدەستهێنانی میدیایە کە پێشتر میدیاو راگەیاندن بەگشتی لەتورکیا لەژێر دەستی (دۆغان گروپ)و (چوکوروا گروپ) بوون، دۆغان گروپ تەلەفزیۆنەکانی Kanal D،Star tv، رۆژنامەکانی وەک: حوریەت، میللیەتو رادیکاڵی لەژێر دەستدایەو هەرچی چوکوروا گروپیشە تەواوی تەلەفزیۆنەکانی Show tv.و رۆژنامەی ئاکشامو هیتری لەژێر دەستدایە.**

# لەتورکیادا، ئیسلامی سیاسی چۆن هاتەسەر دەسەڵات

## ئەردۆغان هێزی خۆی لەتەریقەتو سەرمایەی نێودەوڵەتیو ئەمریکا وەردەگرێت

## سامی تان سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لەئەستەنبوڵ بۆ ئاڵای ئازادی

ئا: سەرباز سیامەند

(بەشی پازدەهەم)

سامی تان سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لەئەستەنبوڵ کە بەسەردانێک لەهەرێمی کوردستانە، لەم دیمانە تایبەتەدا بۆچوونی خۆی لەسەر پرسی ئیسلامی سیاسی لەتورکیا دەخاتەروو.

**ئاڵای ئازادی:** ئێوە وەک ئەنستیتۆی کورد لەئەستەنبوڵ ئیسلامی سیاسی چۆن دەبینین؟

**سامی تان:** ئیسلامی سیاسی بەگەلێک شتەوە گرێدراوە، ئیسلامی سیاسی لەتورکیا خاوەن مێژوویەکی دوورە. لەسەرەتای کۆمارو لەنێو هێزی ئیسلامی یان بڵێین کۆنەپارێزو کەمالیستدا ناکۆکییەک هەبوو کە تارۆژی ئەمرۆش بەردەوامبووە، بەڵام وەک بزووتنەوەی سیاسی لەساڵانی هەشتا بەهێزبوون.

ئەمەش پەیوەندی بەگەلێک شتەوە هەبوو. بۆنمونە لەجیهاندا تێکچوونی سیستەمی سۆسیالیزم لەیەکێتی سۆڤیەت بۆشاییەکی لەبواری فەلسەفیو ئیدۆلۆژیی لەدوای خۆی جێهێشت بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم بۆشاییەش لەلایەن ئیدۆلۆژی ئیسلامییەوە پڕکرایەوە. لەسەرئەو بنەمایەش شۆڕشی ئێران خاوەن جێیەکی گرنگە لەپێشکەوتنی وەها ئیدولۆژییەکدا.

داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتو جموجوڵەکانی ئەمریکاو رێکخسنی هێزی ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاوە بنیاتنراوە بەو ئامانجەی کە سۆسیالیزمو سۆڤیەت تەنگەتاو بکات، بۆئەوەش سوودی لەئیسلامی سیاسی بینیوە.

دیسان لەناوخۆی تورکیا بەتایبەتی لەکودەتای ١٢ی ئەیلول، هێزە دیموکراتییەکانیان پلیشاندەوەو سەرکوتیانکردن، بەمەش بۆشاییەک دروستبوو. ئەم بۆشاییەش دیسان لەلایەن هێزی ئیسلامییەوە پڕکرایەوە. بەتایبەت کە شتێکی ئیدۆلۆژی وەها لەتورکیا دەرکەوت ناویان لێنا سەنتێزی ئیسلامو تورکچێتی (تورک ئیسلام سەنتەزی). لەسەر ئەو بناغەیەوە هەندێک بەرەو پێشەوەچوو.

شتێکی تریش هەیە کە سەرمایەی دەوڵەت بەتەواوی لەسەر پشتی دەوڵەت مەزن بووە. لەجیهاندا گەلێک نەتەوە دەوڵەت هەن، لەتورکیاش وەکو دەوڵەتێکی نەتەوەیی، واتە لەلایەن دەوڵەتەوە نەتەوەیەک بونیات نرا. سەرمایەی دەوڵەت بەتەواوی لەلایەن دەوڵەت بۆ خۆیەوە ئافرێنرا، بەس دوای ماوەیەک گەیشتە ئەو رادەیەی کە خۆی لەدەوڵەت دووربخاتەوە. بەتایبەت بەهاوکاری دانووساندنی سەرمایەداری نێودەوڵەتی، لەسەرئەو بنەمایەش دەتوانین بڵێین لەژێرەوە بەشێوەیەکی ئیدۆلۆژی جووڵانەوەی ئیسلامی بەدیارکەوت، کە بزووتنەوەیەکی توندڕەوو وشکبوو.

لەلایەکی تریشەوە سەرمایەی ئیسلامیش بەهاوکاری سەرمایەی نێودەوڵەتی بەهێزتربوو. کاتێک ئەو دووە گەیشتنە لای یەک، گەیشتە ئەو ئاستەی کە بتوانن دەسەڵات بەدەستبخەن.

پارتی دادو گەشەپێدان لەنێو پارتی رەفاە دەرکەوت، پارتی رەفاە وشکبوو، بەپێی داخوازی سیستەم نەدەچووە رێوەو لەگەڵ سیتەمیش بەتەواوی کۆکنەبوون. بۆیە هێزی نێودەوڵەتی دەستکاری تێداکردو گۆڕانکاری تێدا دروستکردو لەنێو ئەو پارتە پارتی دادو گەشەپێدانی هەڵێنجا. دەتوانین بڵێین AKP لەسەر داخوازی هێزی گڵۆباڵی نێودەوڵەتی پێکهاتووە. هێزی بنچینەیی خۆشی لەسەرمایەی ئیسلامی وەردەرێت.

مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئیسلامیەتی ئاکەپە ئیسلامییەکی دەستەمۆکراوە واتە (پەروەردەو ماڵیکراوە)، هەرچەند بەپێی سەرمایەی نێودەوڵەتی دەجووڵێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا سەرمایەی خۆشی دەئافرێنێت.

بەواتایەکی تر دەوڵەمەندی خۆی دەئافرێنێتو ئەوانیش مەجبوور دەکات سەدەقە، زەکاتو هاوکاری خەڵکی بکەنو بەو هۆیەشەوە لەرێی هاوکاری دەوڵەمەندەکانییەوە خەڵک زیاتر بەخۆیەوە دەبەستێتەوەو چاولەدەستی AKPیان دەکات.

دەبێت مرۆڤ ئەوەش لەیادنەکات کە تەریقەتە ئایینییەکان لەنێو خەڵکی بەشێوەیەکی زۆربەرفراوان خۆیان رێکخستووە. بۆنمونە لایەنی فەتحوڵڵا گولەن کە ئەمرۆ لەپشت ئاکەپەیە، پارتی دادو گەشەپێدان AKPتەنیا هێزێک نییە، تەمسیلی شتێک دەکات، بەڵکو تەمسیلی داخوازی ئەو هێزو تەریقەتانەش دەکات کە پشتیوانی لێدەکەن.

هەروەها ئێستا ئاکەپە لەهەوڵی بەدەستهێنانی میدیایە کە پێشتر میدیاو راگەیاندن بەگشتی لەتورکیا لەژێر دەستی (دۆغان گروپ)و (چوکوروا گروپ) بوون، دۆغان گروپ تەلەفزیۆنەکانی Kanal D،Star tv، رۆژنامەکانی وەک: حوریەت، میللیەتو رادیکاڵی لەژێر دەستدایەو هەرچی چوکوروا گروپیشە تەواوی تەلەفزیۆنەکانی Show tv.و رۆژنامەی ئاکشامو هیتری لەژێر دەستدایە.

بەگشتی ئەوانە زیاتر کەمالیزمن یان سەر بەدەوڵەتی پێشانن، بەڵام ئێستا لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە ((جینەر گروپ)) دەرکەوتووە کە رۆژنامەکانی وەک: زەمان، تورکییەو تەلەفزیۆنی سامانوئێلو... هتد، لەژێر کۆنترۆڵدایە کە ئەوانە گشت گرێدراوی بیروڕای ئیسلامیو زیاتر نزیکی ئاکەپەن.

**ئاڵای ئازادی:** ئایا دەتوانین بڵێین رەجەب تەیب ئەردۆغان هەموو شتێکە؟

**سامی تان:** رەجەب تەیب ئەردۆغان سەربەخۆی شتێک نییە، بەڵام وەکو وتم هێزی خۆی لەتەریقەتو سەرمایەی نێودەوڵەتیو ئەمریکا وەردەگرێت. کاتێک ئەمریکا دەستی خۆی لەپشت بکشێنێتەوە رەوشی ئەو شلۆقە.

ئێستا ئەگەر بڕوانین ئیسلامی دەسەڵاتدارو سەرمایەدار ناخوازێت نێوانی خۆییو دەوڵەت خراپ بکات. ناخوازێت دەوڵەت بکەوێتو خۆی بەدەوڵەتەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ئەگەر بزانێت خەتەریەک لەسەر ئەو هەیەو کەوتووەتە تەنگەتاوییەوە، رەنگە خۆی بۆدواوە بکشێنێتەوە، بەڵام لەنێو کۆمەڵگادا خۆی بەباشی رێخستن کردووەو هەروەها بەئاسانیش تەسلیم نابێت. لەپەیوەندی نێوخۆییو نێودەوڵەتیدا بەجۆرێک هەنگاوی ناوە کە بەئاسانی تێکنەشکێنرێت.

**ئاڵای ئازادی:** زۆرن ئەوانەی بانگەشە بۆ (کرانەوەی دیموکراتی)ی پارتی دادو گەشەپێدان دەکەنو لەپێهەڵدان ناوەستنو تەنانەت هەندێکجار وەکو (کرانەوە بەرووی کورد)دا ناوی لێدەنێن. لەگەڵ ئەوەی ئێستا ساڵی ١٩٢٣ نییەو کوردی باکوویش هۆشیارە، بەڵام وەک ئەوکات مستەفا کەمال داوای هاوکاری لەسەرۆک خێڵە کوردییەکان کردو پاشان لەبەڵێنەکانی کە بەکوردیدابوو پەشیمان بووەوە، ئایا کوردی باکوور ناهەق نییە لەوەی بەئاسانی باوەڕ بەو کرانەوەیەی ئاکەپە نەکەن؟

**سامی تان:** وەک ئێوە وتتان کوردی ئێستا کوردی بەرێ نییە. ئەوەی کە لەلای باشوور ئەو کرانەوەیە وەها دەبینێت وا نییە. یان ئەوەی کوردی باشوور لەبارەی کرانەوە دەیبینێتو ئەوەی کوردی باکوور دەیبینێت جیاوازە. ئێستا لەنێوان دەوڵەت یان دەسەڵاتو کەمالیزمدا شەڕی دەسەڵات هەیە. ئاکەپە بۆئەوەی خۆی بەهێزتر بکات لەبواری میدیا، دەسەڵاتو تەواوی بوارەکان. ئەو کرانەوەیەی کە هەندێک وەک هەنگاو بۆ دیموکراسی دەبینن ئەوە بۆ دیموکراسی نییە، بەڵکو شەڕێکە لەپێناو دەسەڵاتو مانەوە لەدەسەڵات.

هەرچەندە ئاکەپە لەلایەکەوە کەسانی ئەرگەنەکۆن دەستگیردەکات، بەڵام لەلایەکی تریشەوە سەرۆک شارەوانییە کوردەکانیش دەگرێت. ئاکەپە کاتێک دەبینێت لەو شەڕەی دەسەڵات بۆشاییەک دروستدەبێت ناخوازێت کورد سوود لەو دەرفەتە وەرگرن، بۆیە لەلایەک دەستی خۆی لەسەری ئەرتەش دەخاتو لەلایەکی تریش دەستی بەسەری کورداندا دەکێشێت. ئاکەپە چارەسەرییەک بەپێی خواستی خۆی دەخوازێت نەک ئەوەی ئێمە یان یەکێکی تر دەیەوێت.

**ئاڵای ئازادی:** کاتێک لەئیسلامی سیاسی بڕوانین بەگشتی ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکا هێندە باش نییە، کەچی ئاکەپە نێوانی لەگەڵ ئەمەریکا زۆرباش دیارە، ئەمە چۆن دەخوێننەوە؟

**سامی تان:** ئێستا ئاکەپە وەک وتم هەندێک بەپشتگیریی تەریقەتو هەندێکیش بەپشتیوانی ئەمریکا لەسەرکارە. پارتی دادو گەشەپێدان ئەنجامی دەستکارییو دەستێوەردانی ئەمریکایە کە لەنێو پارتی رەفاە دەرکەوتو بووە دەسەڵاتدار. شتێکی تریش هەیە کە ئاکەپە بەخەیاڵی عوسمانیەتی نوێیە، کە دەخوازێت ئیدۆلۆژیەتی ئەو لەهەرێمەکە لەنوێوە سەردەست بکات. بۆیە بەو بیرو باوەڕە دەجولێتەوە کە خۆی وەکو نوێنەری هەموو ئیسلام لەناوچەکە نیشانبدات.

ئاکەپە نەیتوانی بەرگری لەو پرۆژەیەی خۆشی بکات کە بۆ گۆڕینی دەستوور ئامادەیکردبوو. دەبێت ئەوەش بڵێین هەرچەند ئاکەپە خۆی نزیکی ئەمریکا دەکاتەوە، بەڵام ئەمەریکا هیچ جارێک خۆی بێ ئەڵتەرناتیف ناهێڵێتەوەو خۆ بۆ ئەڵتەرناتیڤی نوێش ئامادەدەکات، کە جارێک موستەفا سەریگولی تاقیکردەوە، جارێکی تر ئاک عەبدوللەتیف شەنەری تاقیکردەوە، جارێکی تریش کریستاڵ ئۆلی تاقیکردەوە. ئەمریکا بەئاکەپە دەڵێت تۆ بەبێ ئەڵتەرناتیف نیت.

کاتێک ئەگەر کاتی کۆتایی ئاکەپەبێت ئەرڵتەرناتیڤی تر دەخاتە شوێنی ئاکەپەوە، چونکە ئاکەپە هەرچەند دەچێت ئەو هیوایانە وندەکات کە لەمیانەی بەڵێنەکانی بەخەڵکیدابوون. بەواتایەکی تر زۆر لەو کێشەو پرسانەی کە دەستیدابوویێ چارەسەری نەکردوون وەک: بابەتێکی هەرە ئاسان کە مەسەلەی لەچک (چەفیە) لەسەرکردن بوو کە نەیتوانی ئەوەش چارەسەربکات. هێشتانیش کچان لەبەردەم زانکۆ دەگەڕێنرێنەوە، چونکە لەچکیان لەسەرناوە. هەروەها مەسەلەی ئەرمەنییەکان، قوبرس، پرسی کوردو هیتریشی هەمووی وەها هێشتووەتەوەو چارەسەری نەکردن.

**ئاڵای ئازادی:** ئایا بەپێی ئەوەی کە ئێوە رۆژانە لەنێو تورکیادانو بەچاوی خۆتان دەبینن، ئاکەپە کە ئێستا تاکە هێزی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسییە، ئایا ئەو سیاسەت دەکات بۆئەوەی ئیسلام لەتورکیا بچەسپێنێت یان کاردەکات بۆئەوەی ئیسلام بکاتە قوربانی خواست، بەرژەوەندییو سیاسەتەکانی خۆی بکات؟

**سامی تان:** ئێستا تۆ بڕوانە مێژووی دەوڵەتی تورکیا، تورکەکانو ئیسلامی سیاسیش لەنێویاندا کە هەردەم ئیسلامیان وەک ئالایەک بەکارهێناوە بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەدەستبهێنن. هیچ جارێک نەکەوتوونەتە ئەوەی خزمەتی ئیسلام بکەن کە جیاوازی کوردو تورک لەوەوە دیارە. بڕوانە سەلاحەدینی ئەیوبی کە کوردبوو ئەو بۆ ئەوەی ئاڵای ئیسلام بەرزبکاتەوە خەباتی کرد، بەڵام تۆ لەعوسمانو سەلجوقییەکان بڕوانە ئەوان زیاتر بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆیان پێکبێنن ئیسلامیان بەکارهێنا.

شتێک هەیە تۆ بڕوانە ئیسلام، سۆشیالیستەکانی ئەوان کە بەشێوەیەکن تەواو تورک پەرستن یان نەتەوە پەرستن ئەمە لەنێو ئاکەپەشدا هەیە. بەو ئەندازەیەی کە ئیسلامن بەهەمان ئەندازەش تورک پەرستن.




سامی تان سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لەئەستەنبوڵ

## سامی تان کێیە؟

سامی تان نووسەرو رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی کوردە. لەساڵی ١٩٦٥ لەگوندێک بەناوی ئاخچەلی سەر بەناوچەی کۆلیکی شاری سەمسور لەدایکبووە. بەپێی ناسنامە ئەوساڵی ١٩٦٨ لەمێرسین لەدایکبووە. ئەو خوێندنی سەرەتاییو ئامادەی لەمێرسین تەواوکردووە. دواتر لەزانکۆی Bo azîçîی ستەنبوڵی بەشی مێژووی خوێندووە، بەڵام نەیتوانیوە تەواوی بکات.

ساڵی ١٩٩٣ لەرۆژنامەی ئازادیا وەڵات azadiya welatدەستی بەکارکردووەو بووەتە سەرنووسەرو بەرپرسی گشتی پەخشی ئەو رۆژنامە کوردییە لەتورکیا.

هەروەها لەرۆژنامەکانی وەڵات، وەڵاتێ مە، ئوزگور ئولکە کاریکردووە. لە٢٠٠٢ بەدواوە بەرپرسی کاری نووسینی ئاژانسی هەواڵی دیجلە بووەو ئێستاش سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لەئەستەنبوڵەو ئەندامی Pena Kurdی ئامەد (دیاربەکر)ە.

سامیتان چەندین کتێب بەچاپگەیاندووە لەوانە: بەرانێ ئەنیباش- لەوەشانی وەڵات، رێزمانو راستنڤیسا زاراڤەیێ کرمانجی.

هەروەها جگە لەو کتێبانە لەگۆڤاری زەند، ژیانا رەوشەن، ئاڤاشین کاریکردووەو لەگەڵ زانا فارقینو حەسەن کایا کتێبێکیان بەناوی (ئەم زمانێ خوە بنڤیسین) ئامادەکردووە.